# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- خواردنی لە جولەکەیەک کڕی، وزرێپۆشێگی ئاسنی وەکو ڕەهن پێیدا

لە عائیشەی کچی ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- خواردنی لە جولەکەیەک کڕی، وزرێپۆشێگی ئاسنی وەکو ڕەهن* پێیدا». *(ڕەهن: لە جیاتی نرخ دەدرێت بە خاوەن قەرزەکە بەرامبەر شتومەکێک، هەتاوەکو قەرزەکە وەردەگرێتەوە بەرامبەر ئەو شتومەکەی فرۆشتوویەتی، ئەگەر بەرامبەر نرخەکەی نەبوو ئەوا خاوەن قەرزەکە -ڕەهنەکە- دەفرۆشێت ونرخەکەی بۆ خۆی دەبات)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خواردنی جۆی لە جولەکەیەک کڕی، وزرێپۆشێگی ئاسنی وەکو ڕەهن* پێیدا، ئەم زرێپۆشە ئاسنیە کە وەکو قەڵغان لەبەری دەکرد لەکاتی جیهاد کردن وجەنگان لە پێناو خوای گەورە، وبەرزکردنەوەی وشەی خوای گەورە (سەرخستنی ئیسلام)، بۆئەوەی بیپارێزێت لە پاش پاراستنی خوای گەورە لە چەکی دوژمن وپیلانەکانیان، ولەو کاتەشدا لە مدینە جولەکە کۆمەڵێکی کەم بوون وهیچ ترسێک نەبوو لەم ڕەهن کردنە چونکە هێز ودەسەڵات لە لای مسوڵمانان بوو بۆیە ئەم زرێپۆشەی وەکو ڕەهن لە لای دانا چونکە زۆر پێویستی بەم خواردنە بوو. *(ڕەهن: لە جیاتی نرخ دەدرێت بە خاوەن قەرزەکە بەرامبەر شتومەکێک، هەتاوەکو قەرزەکە وەردەگرێتەوە بەرامبەر ئەو شتومەکەی فرۆشتوویەتی، ئەگەر بەرامبەر نرخەکەی نەبوو ئەوا خاوەن قەرزەکە -ڕەهنەکە- دەفرۆشێت ونرخەکەی بۆ خۆی دەبات)



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee